

# دیداری تایبەت
# بە شیعرو گۆرانی
# لەگەڵ بێژەنی تەرەقی

باران

***بەڕێز تەرەقی، خوازیارین مێژووی گۆرانی وتن و گۆڕانکارییەکانی لە قۆناغە جیاوازەکاندا تا دەیەکانی کۆتایی بواری تۆمارکردن لە مێژووی هونەردا باسبکەیت؟**

- گۆرانی و بەستە یەکێکە لە دیاردە هونەرییەکانی سەدەکانی ئەم دواییە، کە تێکستەکانی بەهۆی هەمەجۆری ئاوازی جیاوازو پەیوەست بە هەست و ناسینی شاعیری گۆرانییەکەوە، وێنایەکی تر دەبەخشێت.

شتێکی روون و ئاشکرایە کە هەموو بەرهەمێکی هونەری، دەردەداری رووداوەکانی سەردەمی خۆیەتی و هەر هونەرمەندێك، بەتایبەتی شاعیران، مۆزیکزانان و خاوەن قەڵەمەکان، کە ویژدانی بێداری کۆمەڵگەن، لە بەرامبەر هەر پێشهاتێکی کۆمەڵایەتی، گشتگیرتر لە رووداوە باش یان خراپەکان، هەستیاری و کاردانەوە نیشاندەدەن و لەبەرامبەر دادوەری و نادادوەرییەکان بێلایەن نامێننەوەو بە شێوازی بەرگری لە ماف و پلەی بەرزی مرۆڤ دەکەن، بەڵام ئەو رۆڵەی کە شاعیری لیریك لە ئەستۆیەتی، رەنگە لە گشت بەشە هونەرییەکان کاریگەرتربێت، چونکە پەیوەستکردنی دوو دیاردەی کاریگەری وەك شیعرو مۆزیك لە زەینی خەڵکدا، خاوەنی کاریگەرییەکی زۆر قووڵە، کە لە حاڵەتێکدا هەڵگری هەندێ پەیامی سەرنجکێش و پیرهەستیاری بێت، بە خێرایی پیرو گەنج دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، بەشێوەیەك کە وشەکانی لە مێشکیان دەچەسپێ و لەژێر لێوەوە دەیڵێنەوە، بەجۆرێك کە دیارترین نمونەی ئەم رەوتە دەتوانرێت لە ژیانی عارف قەزوینی و هەڵبەستەکانیدا بۆی بگەڕێی. لە کاتێکدا کە هێشتا هۆکارەکانی پەیوەندی کۆمەڵ، پەرەی پێنەدرابوو کەمتر کەسێك بایەخی دەدایە مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات، ئەم شاعیرە مەلول و هونەرمەندە، تاك و تەنیا کەوتە بەربەرەکانی لەگەڵ فەرمانڕەوای ستەمکار و سەرۆکە ناشایستەکان و وتەکانی زۆر پڕ کاریگەر بوون و هێشتا وتەکانی لەزار نەکەوتوە، کە خەڵکی کۆڵان و بازاڕ بەشێوەی ناڕەزایەتی لە شەقامەکان و رێگاکاندا دەیانوتەوە.

جگە لە گۆرانیە ئەویندارییەکان و بابەتە پیاهەڵدان و سرودەکان، کە زۆرترین گۆرانیەکانی رابردوو پێکدەهێنێن، بە دامەزراندنی فەرمانگەی رادیۆ و بەرنامەی گوڵەکان، ئوستادانی گەورەی مۆسیقای ئێران وەك: ئەبولحەسەن سەبا، رۆح الله خالقی، حسین یاحەقی، مورتەزا مەحجوبی، جەواد مەعروفی، عەبادی، شەهناز، حەسەن کەسائی، حسین تەهرانی، مەجید وەفادار کە ناساندنی هەریەکەیان شیاوی دانانی کتێبێکی جیایە، شکۆ و ناوبانگی زیاتری بە بەرنامەی گوڵەکان دەبەخشی.



لە دوای پێکهێنانی بەنامەی گوڵەکان، بەرە بەرە قوتابیان ئەو پیاوە مەزنانە، وەکو: ئوستاد عەلی تەجویدی، پەرویز یاحەقی، حەبیبوڵلا بەدیعی، موهەندیس خورەم بۆ گروپی ئاهەنگسازان و ژەنیارانی رادیۆ میوانداری کران، کە هونەری گۆرانی و ئاوازدانان بەشێوازێکی نوێ دەستپێکردو گۆرانیبێژ، کە بە شەیداو عارف قەزوینی دەستپێکردبوو، لە رێبازو رێگەیەکی دیکە هەنگاوی هەڵگرت.

گۆرانییەکانی گەڵای خەزان- ئاگری کاروان- تاك درەخت، تاوس کە لە جوانترین کارە مێژووییەکانی گۆرانی چڕینە لە دەیەکانی کۆتایی ئەم وڵاتە.

***پەیوەندی شیعرو مۆسیقا دەبێت چۆن بێت؟**

-ئەوەی کە زۆرترین رۆڵی لە بەدیهێنانی گۆرانیەکی جوان و بەناوبانگدا

هەیە، مەسەلەی ئاوێتەکردن و پەیوەستکردنی شیعرو مۆسیقایە، چونکە هەموو میلۆدییەك، تەنانەت هەر بەرزبونەوەیەك لە ئاوازدا، ناوەڕۆکی تایبەتی خۆی دەخوازێت. هەروەکو لە پەیوەست بە پەیوەندی شیعرو مۆسیقا لە شوێنێکدا نوسیبووم:

پەیوەندی شیعرو مۆسیقا رەنگدانەوەی فراوانی ئاوێنەیە لە ئاوێنەی ئەندێشە روون و رۆشنگەرەکانی ئاوازدانەران و شاعیرانی لیریك، کە زۆربەی رۆژگاری تەمەنی خۆیان لەپێناو بەرزبوونەوەی هەرچی زیاتری ئەم هونەرە خەڵك پەسەندەدا بەسەربرد.

ئەم دوو دیاردەیە، واتە شیعرو مۆسیقا کە هەریەك باری سۆزداری گەورە بەکۆڵیاندا دەدەن، ئیلهام وەرگرتووی زانستی دەوڵەمەندو کلتوری درێژخایەنی وڵاتی خۆیانن، کە هەندێ لە هەستە پاکە عاشقانەکان، کاتێ دەوڵەمەند بووە بە بابەتی ناسکی عارفانەو رۆحانی، وەسفی، ستایشی، ئەخلاقی، پەروەردەیی، نیشتمانی و حەماسی، چونکە پێکەوە پەیوەستن، زمانێکی نوێی مۆسیقا دەردەکەوێت و وشەکانی شیعر لەسەر باڵی گۆرانی بێژی مۆسیقا دەفرێت، بەرهەمی دیارو رەنگدانەوەی ئاوێنە لە ئاوێنەدا خۆی دەنوێنێ، کە پەروەردەی دوو زەینی وشیارو پڕبارن.

***چ جیاوازییەك لە نێوان سرود و گۆرانیدا هەیە؟**

ئەگەرچی ئەم دووانە لە هەندێ کاتدا بەیەك مانا بەکاردەهێنرێن، بەڵام سرود کە زیاتر بە ریتم و تۆنی توند و هەست بزوێن (زۆربەی کات دوو ریتمی) بەڕێوە دەچێت، بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ گۆرانی و رۆڵی کۆمەڵایەتی و هەستیاری ئەو خاوەنی هەندێ جیاوازییە، چونکە سرودە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان کاریگەری لە مارش و مۆزیکە جەنگییەکان وەردەگرێت، کە بەهۆی هاندانی سەربازانی سوپاوە، بە دلاوەری و



گۆرانی و بەستە یەکێکە لە دیاردە هونەرییەکانی سەردەکانی ئەم دواییە، کە تێکستەکانی بەهۆی هەمەجۆری ئاوازی جیاوازو پەیوەست بە هەست و ناسینی شاعیری گۆرانییەکەوە، وێنایەکی تر دەبەخشێت

ساڵی یەکەم
ژمارە
2
ئەیلول
2016



شەرکەری لە دیمەنەکانی جەنگدا بە ئامێرە مۆسیقییە پڕ زایەڵەکانی وەکو: سنج، دەهۆڵ، کەڕەنا دەژەنرێت. لە کاتێکدا کە گۆرانی و هەڵبەست، گۆرانییەو ئاوازی عاشقانەو کاریگەری لەسەر هەستی پاکی مرۆیی دەوێ، کە جیهانێکی خاڵییە لە جەنگ و کینە و رکەبەرایەتی.

***بە بڕوای تۆ شاعیری لیریك چ پەیامێکی لە ئەستۆیە؟**

-شاعیرێك کە دەست بەکاری شیعری لیریك دەکات، دەبێت بزانێت کە لە چ پێگەیەکدایەو هەروەها دەبێت بزانێت ئەم وشانەی کە لەزەین و ئەندێشەیەوە بەسەر رووی هەورازەکانی ئاوازدا رەتدەبێت، چ کاریگەرییەك لەسەر رۆح و دەروونی خەڵکی وڵاتەکەی بەگشتی لە مناڵ و پیر و گەنج بەجێدەهێڵێت.

تێکستی گۆرانی ئەوینداری لە حاڵەتێکدا، کە بە پێکهاتەی نوێ و تازە دەرنەبڕابێت، ئیتر دووبارە و درێژدادڕییە، چونکە هەر شیعرو سرودێك، کە لە رووی مەعنەوی و ئەخلاقییەوە خاڵی بێت و تەنیا بە بابەتە مردوو و زوو تێپەڕو پەیوەندییەکانی رۆژانی لاوییەتی تەواو بووبێت، بەرهەمێکی زۆر قووڵ و درێژخایەن نامێنێتەوە، هەروەکو خەریکبوونی شاعیران بە زمانی خوازەو توانج پۆشی بۆ هەڵاتن لە هەمان روونی و راشکاوی.

دروستە کە پێناسەی ئوستادانە لەهەر جۆرە جوانیەك لە بەرزنرخاندن و ستایشکردنی جوانی رەهاو جاویدانییە، بەڵام بەهەمان رادەی باسکردن لە جوانیەکان و  پیاهەڵدان کاریگەرە، خستنەڕووی کەم و کوڕییەکان و نیشاندانی دیمەنە جاڕسکەرەکانی ژیانی مرۆڤ، وەکو شەڕو خراپیەکان و بەرگری لە عەدالەت و یەکسانی کە رزگاری مرۆڤەکانی لێیە، شیاوی بایەخپێدانە. ئەم هەموو بابەتە کۆمەڵایەتی و رووداوانەی، کە لە پانتایی ژیانی ئێمە روودەدات، شیاوی قووڵبونەوەو بیرکردنەوەو لەخۆگری هەندێ ناوەڕۆکی سەیرە، کە تەنیا هونەرمەندانن دەڕۆستی دەربڕینی بە زمانی هونەر دێن. نیشاندانی سیمای مناڵێك کە دایکی لە دەستداوەو مات و حەپەساو لەنێو مناڵاندا وەستاوەو دیاری بەدەستەوە بۆ پێشوازی رۆژی دایك دەچن، لە دیمەنە هەست بزوێنەکانە، کە چاوی بێداری هونەرمەند ئەوە دەبینێ. بەشێوەیەکی گشتی هونەرمەندێك کە بەردەوام سەرگەرم و پابەندی دەروونی خۆی بێت و نەتوانێت ئازارەکانی کۆمەڵگە و ناخۆشییەکانی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی هەستپێبکات، کەسێکی خۆپەرست و دۆگمایە.

بە کورتیەکەی ئەوەی کە: هونەرمەندی رەسەن، کەسێکی دەردەدارەو خەریکی دەرمانی کەسانی ترە.

***بەڕێز تەرەقی ، لەکاتی گۆرانی وتندا چ هەستێکت هەیە؟**

-کاتی گۆرانی وتن، هەستدەکەم بەسەر لوتکەی چیایەکی بڵندەوەم و قسە بۆ گشت خەڵکی جیهان دەکەم. ئەوکاتەی کە ویژدانی شیعریم باس لە عەشق و بێبەشی، ئازارو مەینەتی شەڕەکان و بێ خانمی مرۆڤەکان دەکات، هەستدەکەم هەموو ئەم وشانە لە زمانی هەموو خەڵکی جیهانەوە بە گوێی من دەگات.

هەندێ جار لە خۆم دەپرسم، ئایا ئەم شیعرو گۆرانیانە هی تۆیە، من چ کاتێ ئەوانەم نوسیوەو لە دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بەخۆم دەڵێم، ئەی برا ئەمە خواست و نیازی خەڵکی زەمانەیە، کە لەسەر زمانی قەڵەمەکەتەوە دەچۆڕێتەوە.